REWAN U
ڕێوان

لەساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا
هاوەدەنگی دانیشتوانی هەڵەبجەی شەهیدین
لە پێناو جێبەجێکردنی داخوازییەکانیاندا

رۆژنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری ڕاگەیاندنو روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١٦ی مارتی ٢٠٠٧ | ژمارە (١٤٤) ساڵی شەشەم | نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

# (چ)پاش ئەوەی سوڵحی بۆ کرا، کوژرا

لەگوندێکی سەر بەدوز کچێك پاش ئەوەی رەدوو دەکەوێت وسوڵحی بۆ دەکرێت ،لەلایەن کەس و کاریەوە دەکوژرێت و تائێستا هیچ ئیجرائاتێکی یاساییش وەرنەگیراوە. کچەکە تەمەنی ١٧ساڵ بوە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کورێکدا دەبەستێت و چەند جارێکیش کورەکە داوای دەکات ،بەلام ئەوان رازی نابن، بۆیە پاش رەدو کەوتنی لەگەڵ کورەکە دەیهێننەوە پاش ئەشکەنجەدان رۆژی ٢/١٢/ ٢٠٠٦بە کلاشینکۆف کوشتویانە .

دایکی کچەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاگاداری کوشتنەکەی نیە و ئەویان بە فێڵ ناردوە بۆ ماڵی باوکی ئینجا کوشتویانە ،دایکی (چ) دەڵێت " پاش ئەوەی پێکەوە رۆیشتن تەکلیفمان لە کەسایەتیەکی ناوداری ناوچەکە کرد بە ناوی (ح.ب) و ئەو هێنایەوەو رێکەوتین کەنەکوژرێت".

خوشکەکەی چ ووتی " مانگێك دوای ئەوەی هێنایانەوە مامەکانم کۆبونەوەو بریاریان دا بیکوژن،ئیتر ئەو رۆژەی بردیان هەر کە بانگیان کرد رەنگی زەرد بوو زانی دەیکوژن،پێشتریش دەستیان شکاندبوو ئیتر هەر ئەو بردنە بوو کە مامم بردی".


پاش کوشتنی (چ)،(ح.ب) ووتی"من ویستم زەلام نەکوژرێ و سێ عەشیرەت بە یەکدا نەدات بۆیە کچەکەم دانەوە"

ئەو مەلایەی کە پاش سوڵحەکە مارەی (چ) ی بریوە ووتی"لە کاتی مارە کردنەکە ووتم کوا کچەکە هەموو سوێندیان خوارد ووتیان نەخۆشە ، مارەم کرد ئەگەر کوژرا بێ ت غەدرێکی گەورەیان لێکردوە".

دواجار دایکی کچەکە بە رێوانی راگەیاند" بۆیە شکاتم نەکردوە چونکە دەزانم گۆرەکەی هەڵدەدەنەوەو ،بەزەییم پێدا دێتەوە".

**ئۆفیسی سەرقەڵا**

# بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت دەبێت ژنان وەلی ئەمر بهێنن




بەرێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی عەقید روکنی یاسایی ساڵح عوسمان بە رێوانی راگەیاند "ئەو ژنانەی دەیانەوێت ببنە خاوەنی پاسپۆرتی (جی) بەپێی ئەو رێنمایانەی لەبەغداوە بەسەرماندا سەپاوە دەبێت ئەو ژنانەی کە سەروی ١٨ساڵن وەلی ئەمر بهێنن، ئەوانەش کە شویان کردوە دەبێت هاوسەرەکانیان بهێنن، ئەوانەش کە شویان نەکردوە دەبێت باوك یان برا یان مام بهێنن".

**تەواوی بابەتەکە لە لاپەرە ٤ دەخوێنیتەوە.**

# هاوسەرەکەی سەرگوڵ "بەداخەوە کەسانێک هەن رێگرن لە گرتنی تاوانبار"

بەپێی بریاری دادوەر بکوژی سەرگوڵ ناسراوەو فەرمانی دەستگیر کردنی هەیە، بەلام کەسانێك هەن رێگرن لەبەردەم دەستگیر کردنی تاوانباردا و هاوسەرەکەی داوای ئیجرائاتی یاسایی دەکات.

سەرگوڵ عەلی، ئەوژنەیە لەمیانەی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی و ئەو پشێویانەی لێیکەوتەوە لەناوچەکانی گەرمیان، رۆژی ٢٠٠٦/١٠/٩ بە فیشەك لە حەوشی ماڵەکەی خۆیاندا کوژرا، بە پێی لێکۆلینەوەش بەمەبەست کوژراوەو بکوژیش دەستگیر نەکراوە .

هاوسەرەکەی سەرگوڵ لەنامەیەکی کراوەدا بۆ سەرۆکی هەرێم، داوای ئیجرائاتی یاسایی کردوەو لە نوسینێکیشدا کەلە سایتەکانی ئینتەرنێت بڵاو بۆتەوە نوسیویەتی "دەرکەوتوە سەرگوڵ بەغەدر کوژرا بۆیە دادوەر بە پێی مادەی ٤٠٦ فەرمانی گرتنی تاوانباری دەرکردوە، بەڵام بەداخەوە کەسانێك هەن رێگرن لە گرتنی تاوانبار".

کەسێکی ئاگادار لە رووداوەکە ووتی "سەرگوڵ بەهەموو شێوەیەك خزمەتی شۆڕشی کردوە ، ماڵەکەی ئەو بارەگای پارتیزانەکان بووە ،بەلام ئاوا پاداشتیان دایەوە، قوربانیانی تەکەتول زۆربون بەڵام کەس وەك سەرگوڵ غەدری لێنەکرا ".

# بینایەی نوێی کتێبخانەی گشتی سەیدسادق تەواو بووەو دەوامی تێدا ناکرێت

پرۆژەی دروستکردنی بینایەی کتێبخانەی گشتی قەزای سەیدسادق،چووەتە قۆناغی تەواوبونەوە ، بەڵام تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی نەبووەتە شوێنی فەرمانگەیەکی حکومی وەك کتێبخانەی گشتی لەو قەزایەدائەمەش وایکردووە کتێبخانەی گشتی قەزاکە لە نێو بینایەیەکی ناسەربەخۆدا بێت.

ئەگەرچی پرۆژەکە لەلایەن سەرپەرشتیاری پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ناوچەکەوە وەرگیراوە،لە بەڵێندەرەوە بۆ کتیبخانەی گشتی قەزاکە،بەڕێوەبەری ناحیەی سەیدسادق (سەلام عومەر ئیبراهیم) لە لێدوانێکدا ووتی"نەبونی کارمەندی پێویست بۆ ئەو کتێبخانە نوێیە،هۆکارێکی سەرەکیە لەوەی کە تاوەکو ئێستا بیناکە بەشێوەیەکی ڕسمی نەبووەتە شوێنی کتێخانەی گشتی بۆ قەزای سەیدسادق".لەلایەکی ترەوە بەرێوەبەری کتێبخانەی گشتی سەیدسادق (عەبدوڵا جەبار شەمسەدین) ووتی" لەڕووی بینایەوە کارەکان تەواوبووە تەنها کێشەیەك هەمانبێت ئەویش نەبوونی رێژەی کارمەندی پێویستە".

هەروەها ووتی" سەرەرای دوری ڕێگای کتێبخانەکە لە ناوجەرگەی شارەوە هیچ هێڵکی ئۆتۆمبیلی لەسەر نیە تاوەکو بەئاسانترین شێوە خوێنەران بگەنە شوێنی مەبەست ئەو گرفتەش چ بۆ کارمەندان و چ بۆ خوێنەران هەمان شتە ".

# لە هەولێر خۆکوشتنی کچان پەرەدەسێنێت

لەرۆژێکداو لە دورودواوی جیادا کچێك خۆی دەکوژێت و کچیکی تر هەوڵی خۆکوشتن دەدات .

هەردو روداوەکە رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٤ لە هەولێر رویان داوە و بە پێی هەواڵی سایتی (puk.میدیا روداوی یەکەمیان لە گوندێکی سەر بە هەولێر رویداوە کە کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ خۆی دەرمانخوارد کردوەو بەرلەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە.

بەپێی سایتی ناوبراو لە روداوی دوهەمدا کچێك ویستویەتی خۆی بکوژێت و فیشەکێکی ناوە بە سەریەوە، کەس و کاری زوو فریای کەوتون و ژیانی لە مەترسی رزگاری بوە.

# لە رانیە تێگەیشتن و رێگەگرتن لە خۆکوشتن



بۆ شیکردنەوەو باسکردن لە رەهەندەکانی خۆکوشتن رێکخراوی هارتلاند ئەلایەنس، لە رانیە سمینارێکی سازکرد.

بابەتی سیمینارەکە بریتی بوو لە(تێگەیشتن و رێگە گرتن لە خۆکوشتن)و ئامادەبوانیش ستافی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی رانیە بوون،سیمینارەکە رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٢ لە هۆلی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیە، لەلایەن دو توێژەری کۆمەلایەتی یەوە پیشکەش کرا و پاش ئەوە گفتوگۆو پرسیار دەربارەی بابەتەکە کرا.

بینایی کەمال بەرپرسی بەشی راگەیاندنی رێکخراوەکە، ووتی "لە سەر داوای چەند دەزگایەکی ناوچەکانی وەك گەرمیان و چەمچەماڵ و چۆمان، زنجیرەیەك کۆرمان سازداوە و ئەوەی رانیەش یەکێك بو لەوانە"ناوبراو ئەوەشی ووت "کە راستە داتای تەواومان لەسەر خۆکوشتن نیە بەلام خەریکە دەبێتە دیاردەو پێویستە کار بۆ کەم کردنەوەی بکرێت".